# خێڵەكانی كۆمەڵگەی سیڤیل

مەهاباد قەرەداغی

ماوەیەكی كەم نییە، بەڵكە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ەوە، لە ڕاگەیاندنی كوردیدا دەنگۆی دیموكراسی و، كۆمەڵگەی مەدەنی لەگۆڕێیە. ماوەیەكی كەمیشە هەمان دەنگۆ بۆ عێراقی پلش دیكتاتۆری لە ئارادایە. جا چ لەوە باشترە كە كۆمەڵگەیەكی سیڤیلت هەبێ و یاسای سیڤیل بەڕێوەت ببات و، چیدی خێوی تفەنگ و، سامی بۆمبا و چەكی كۆمەڵ كوژ نەتتۆقێنێ و، یاسای دارستان بەڕێوەت نەبات!
چ لەوە باشترە كە لە سایەی دامەزراوی سەربەخۆی سیڤیلدا تاكەكانی ئەو كۆمەڵگەیە بە مافەكانی خۆیان بەهرەمەند بن و، بەهرە و تواناكانیان گەشە بكات!

چ لەوە باشترە كە یاسای دادپەروەرانە و هاوچەرخ جێگەی ئەو ڕێسا ئاینییانە بگرێتەوە كە بە تایبەت بۆ ژنان جگە لە مەینەتی و كۆیلەیەتی هیچی تری نەبووە.

بەڵام، ئایا هە وڵەكان بەو ئاراستەیەن كە بە ڕاستی كۆمەڵگەیەكی سیڤیل لە كوردستان و، لە عێراقدا بنیاد بنرێن؟

ئایا بانگەشەی دیموكراسی و مافی مرۆڤ و، هەموو دروشمە بریقەدارەكانی تر، تا چەند پراكتیزە كراون و دەكرێن؟ لە بە شێكی كوردستانی باشووردا، دوانزە ساڵ زیاترە جۆریك لە خۆ بەڕێوەبردن لە لایەن پارتە خۆماڵییەكانەوە بە ڕێوە دەچێ، بانگەشەی تیۆریش بۆ دیموكراسی و كۆمەڵگەی مەدەنی لە پلەیەكی باڵادایە. بەڵام ئەوەی لە پراكتیكدا دەیبینین، پێچەوانەی ئەمەیە. لە پراكتیكدا، لە سەر هەموو ئاستەكانی ژیان برەو بە كلتووری خێڵ دەدرێت.

**دامەزراوێكی سەربەخۆی سیڤیل دانەمەزریندرا! هیچ نووسەرێك، یان ڕۆژنامەوانێكی ڕەخنەگر لەو بارودۆخە ناهەموارە گوێی لێ ناگیرێ! بیر و ڕای باشترین پرۆفیسۆر و زانا، بە قەد قسەی سەرەك خێڵێك بایەخی نییە لە لای سەرانی كورد! لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنیاندا، كۆدێك نادۆزیتەوە كە ئاماژە بێت بۆ نیازی بە سیڤیلكردنی كۆمەڵگە. زمانی ڕاگەیاندیان تا سەر ئێسقان زمانێكی باوكسالارانەیە. ئەوە لە بارەی بارودۆخی ژنەوە هەر تەنیا بە ڕوانینێكی سەرپێیش مرۆ تێدەگات كە دروشمەكانی كۆمەڵگەی سیڤیل، كە ساڵانێكە خۆهەڵكێشانیلن پێوە دەكرێت، لە چوارچێوەی دروشمی پەتی نەچوونەتە دەرەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەم زۆرە و لە زۆر شوێنی تردا ئەو بەڵگانەم خستوونەتە ڕوو.**
ئیستاكە ئەمریكای تاقە زلهێزی دنیا، باس لە دیموكراتیزەكردنی عێراق دەكات و بانگەشەی ئەوە دەكات كە كۆمەڵگەی ئەو وڵاتە بكات بە نموونەی كۆمەڵگەیەكی سیڤیلی باڵا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا !!
بەڵام، بڕوانن سەرەتاكانی ئەم پرۆسەیە چۆن و بە چ شێوەیەكی سەیر و سەمەرە دەستی پێ كرد!!
١- جای گارنەر، ژەنەڕاڵێكی عەسكەری خانەنشینی ئەمریكایی، كۆمەڵگەی مەدەنی بەڕێوە دەبات!
٢- سەرانی كورد ڕۆژانە پێشوازی لە سەرەك خێڵەكانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەكەن. هەردووكیان پێشبڕكێ دەكەن لە بردنەوەی سۆزی ئەو سەرەك خێڵانە.

٣- ئەو حكومەتەی كە پێشنیار كراوە بۆ عێراق، تەنها لە پیاو پێكهاتوون.

٤- کۆنە بەعسییەکان، بە لێبوردنێکی تاکەکەسی سەرکردەکانەوە؛ لە هەموو ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلانی کوردستان و عێراق کردیان، پاك کرانەوە!
٥- کەس باس لە خواستی کورد و گەلانی تری عێراق ناکات، ئایا دەیانەوێت بەشێك بن لە عێراق، یان جیابوونەوە دەخوازن، بەڵکە سەرکردەکان خۆیان و بە بێ ڕاپرسی لە گەلانی عێراق بڕیار دەدەن. بێگومان زۆر خاڵی تریش.

پێم وایە ئەم مۆدێلە لە کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر نوێ بێت و، هێشتا کۆمەڵناسەکان فریا نەکەوتبن پێناسەیەکی بۆ دابنێن. بۆیە، من بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵناسیم خوێندووە و، لە دیاردەکانی کۆمەڵگە دەکۆڵمەوە؛ دەستپێشخەری دەکەم و، ئەم دیاردە زێدە نوێیە ناو دەنێم (کۆمەڵگەی خێڵە مەدەنییەکان) !

2003 5 19
...

http://www.mehabad.blogspot.com

mahabad66@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت